

# پرسەی شەهیدان

ئەحمەد دەشتی




**پیی ناوی بۆ شـــــــەهیدانی وەتەن شیوەن و گرین**
**نامـــــــــرن ئەوانـەی وان لە دلی میللەتا دەژین**



پرسە نامەیەك بۆ هەموو خانەوادەی ئەو شەهیدانەی كە لە ناو زیندانەكانی سەدامی دكتاتۆردا گیانیان بەخشیوە بە تایبەتی بۆ شەهیدی نەمر و لاوی گیان قوربانی كوردستانی ئازیزمان كاكە ئاراس رۆلەی برای ئازیزو بەریزم هەڤال حوسین عەلی رەزای خەباتگیرو وپیشمەرگەی دیرینی رۆژگارانی سەختی شۆرش و خەباتی كوردایەتی. كاكە ئاراس دوای گرتنی لە سالی ١٩٩٢ دا لە دوای تەواو كردنی هەندەسەی تەكنەلۆژیای لە بەغدا بە دەستی فاشستەكانی درندەی بەعس گیراو كەس هەوالی لی نەزانی تا روخانی ئەو درندانەی بەغدا، كە ناوی لە لیستی لە سیدارە دراوەكان دۆزرایەوەو لە ناو زیندانەكانی بەعسیەكان دا لە دوای زەبرو زەنگ وئازاردان وەك هەزاران هەزار كوردی بی تاوان كە تەنیا لە بەر ئەوەی كە كوردن و بەس بیەكە لە سیدارە دراوە و گیانی پاكی بەخشیوە بە كوردستان ، كە لە دوای سالەهای سال بی هەوالی وچاوەروانی تەواوی خانەوادەكەی بۆ هاتنەوەو گەرانەوەی بۆ ناو خاوو خیزانی خۆی،بەلام بە داخەوە لەم رۆژانەدا لە دوای دەرچونی ناوی لە گەل ئەو سەدەها كەسانەی كە لە سیدارە بە دەستی دكتاتۆرە خوین ریژەكەی بەغدا لە دار دراون و دۆزرایەوە و هیسك و پروسكی وەك هەزاران هەزار شەهیدانی تری كورد هیندرایەوە شاری هەولیری دیرین و بە داخ و خەمیكی زۆرەوە لە باوەشی نیشتمانی خۆی دا بە خاك سپیردرایەوەو بۆ هەمیشە لیی خەوت بوو بە قوربانی كوردو كوردستان و بۆ هەمیشە بە زیندوویی مایەوە،منیش لە گەل پرسەی خۆم بۆ تەواوی خانەوادەو برای هیژام كاكە حوسین عەلی رەزاو كاكە حەسەن زەندودایكی شەهیدو براو خوشكانی كاكە ئاراسی نەمر بۆ گیانی پاكی ئەم شەهیدە و هەموو شەهیدانی كوردو كوردستان كە بۆ هەتا هەتایە لە ناو دلمان دا نامرن هەزاران سلاودەنیرم وسەری نەوازشم بۆهەموو شەهیدانی كوردو كوردستان دا دەنەوینم و دەلیم:هۆ شەهیدان ئەی ئەوانەی هەردەم

**زیندوون و قەت قەت نامرن، ئەی ئەوانەی کە هۆکاری رزگار بوون و سەر بەخۆیی کوردستانن،ئەی ئەوانەی کە خوینی سوری بە زۆر رژیندراوتان چرایەکی گەش و روونی گەلی کوردەو هەرگیز ناکوژیتەوەو تەواوی نیشتمانی رەنگینی کوردستان روون دەکاتەوە، خوینی شەهیدان زەنجیریکی نەپساوەو لە گەردەنی داگیرکەران و زۆردارن دەئالیت و تۆلەی زولم و زۆرداریان دەکاتەوەو دەیانخنکینیتن و تۆلەی رشتنی خوینی هەزاران رۆلەکانی گەل دەکاتەوە،ئەوا دیمان کە داگیرکەرە درندەکان بە چە دەریك بران ، کە بوون بەپەندی زەمانەو بەهەزاران تف و نەفرینی رۆژانەیان بۆ دەچیت و تۆلەی ئەو هەموو خوین رشتن و پەلامارو ویران کردن و داگیرکردنی کوردستانیان لی بۆوەو بۆ هەمیشە تەفرو تونا بوون، هەر گەلی کە رۆلەکانی بکا بە قوربانی وخوینی شەهیدانی لە سەر خاکەکەی برژیتن ئەوا گولی سەربەستی لە سەرئەو خاکە دەرویت و موژدەی ئازادی و رەهایی و شادبوونی ئەو گەلە دەهینی،هەرگیز خوینی شەهید بە فیرۆ ناروات،شەهدان مایەی سەربەرزی و شانازین بۆ هەر میلەتیك و شانازین بۆ خانەوادەی شەهیدان و هەموو ئەوانەی کە گیانی نیشتمانپەروەریان لە دەروون دایەو دلسوزی خاك و نەتەوەکەیانن.**

**کاکە ئاراسی حوسین زەندیش یەکیکە لەو رۆلە شەهیدانەی کە بە گیانی پاکی خۆیان بە دوژمنانیان گوت مەرگ و نەمان بۆ ئیوە ئەی فاشتەکانی درندەو جنایەتکارو دوژمنانی مرۆڤایەتی .**




**هۆ شـــــەهیدان رۆلەکانی مـــەردو دلیر   قارەمانـــان هەڤـــالانی وەك بەچکە شـــــیر**

**ئیـــوە نامرن هەردەم زیندوون لەناودلان   ئیوەن گولی رەنگاو رەنگن لە ســـەر چلان**

**والەوخاکەی گیانی پاکی خۆتان بەخشی   سەربەخۆیی و رزگار بون وتاجی نەخـشی**

**لەگشت دۆندو واری جوان و ناوجیهاندا   خوینی سورتان موژدەیشادی کوردی وادا**

**هەزارهەزارسلاوی پاك لە ئیوەی كـــــورد   لەگیانبازی ونەترســـاوی وورەی وك گورد**

**شــەهیدمایەی بەختەوەری و ریی شــادیە   شــەهید رەمزی ســـــــەربەخۆیی و ئــازادیە**